# نامۆیی لە هۆنراوەکانی محەمەد عومەر عوسمان (ژەنەراڵی پایز) دا

م.بێستون عادل علی

زانکۆی کەرکوك / کۆلیژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان

# الاغتراب في اشعار الشاعر (محمد عمر عثمان) الملقب بـ(جنرال باين)

م. بيستون عادل علي

جامعة كركوك/كلية التربية للعوم الإنسانية

# ALIENATION IN THE POETRY OF THE POET (MUHAMMAD OMAR OTHMAN), KNOWN (GENERAL BAYES)

Lect. Bestoon Adil Ali

Kirkuk University\ College of Education for Humanitarian Sciences

bestoongle@uokirkuk.edu.iq

## بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم

### چەمك وپێناسەی نامۆیی

نامۆیی حاڵەتێکە بە هۆکاری جیاواز ڕەنگە تووشی هەموو مرۆڤێك بێت لە ژیاندا، چونکە کێشەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتیە ڕەگ و ڕیشەی جۆر بە جۆری هەیە . و سەرهەڵدان و دروست بوونی دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری ئایینی و

کۆمەڵایەتی و رامیاری وئابووری . واتا تەنیا کێشەی یەکێك لە زانستەکان نییە و تەنیا زانستێك ناتوانێت خۆی شیکردنەوەی دروستی بۆ بکات ، بەڵکو یەکێکە لەو چەمکە فرە رەهەندانە دەبێت لە روانگەو گۆشەنیگای جیاوازەوە پێناسەو تەماشای بکرێت و زانایانی بواری کۆمەڵایەتی و دەروونی و رامیاری و ئابووری و فەلسەفە ....هتد . توێژینەوەیان دەربارەی کردووە و هەر یەکێکیان لە دیدو بۆچوونی خۆیانەوە پێناسەیان کردووە ، بەڵام هەموویان لە یەك خاڵدا کۆکن ، کە نامۆیی وەك حاڵەتێك کێشەی مرۆڤە و هیچ بوونەوەرێکی تر دووچاری ئەم کێشەیە نابێتەوە .

بێگومان ئەم حاڵەتە وەك ((دیاردەیەکی باوی کۆمەڵایەتی لە ژیانی هاوچەرخداو لەئەنجامی سەرهەڵدانی گەشەسەندنی کۆمەڵگای سەرمایەداری لەحاڵەتو شێوازی جیاجیادا دەردەکەوێت ئەمە ئەوە ناگەیەنێ لەکۆمەڵگاکانی پێش ئەم قۆناغەدا مرۆڤەکان هەستیان بەنامۆیی نەکردبێت)) (سەعید، ٢٠٠١، ٤٣.)بەڵام دەتوانین بڵێین لەم ساڵانەی دوایدا بەشێوەیەکی بەرفراوان لەبارەی چەمکی نامۆ بوونو شێوازەکانی نامۆییو چارەسەرکردنیشیان لەبوارەکانی دەروونناسیو کۆمەڵناسیو فەلسەفە بابەتگەلێکی زۆر نوسراون، چوونکە بەڕای زۆربەی زانایانو نوسەران ترسناکترین کێشەیە کە دووچاری مرۆڤی سەردەم بۆتەوە بەشێوەیەکی فراوان.

هەروەها نامۆیی بەو واتایەی مرۆڤ لەناخی خۆیدا، لەژیانو لەنێو خێزانو لە کۆمەڵگەی خۆی خۆی بەبێگانە دێتە بەرچاو. خەسڵەتە هەستپێکراو و بەرچاوەکانی ئەم ووشەی (نامۆیی)ە ئەگەر بەگشتی سەرەنج بدرێت بریتیە لە بێزاریو هەستکردن بە دەستەوسانیو بێدەسەڵاتیو بێ مانایی، بڕوا نەمان بە نەریتو گۆشەگیریو دوورە پەرێزیو ئامادە نەبوون بۆ بەشداری کردن لە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی ژیان.

سەبارەت بە پێناسەكردنی ئەم چەمكە وەك ئاماژەمان پێ كرد لە زۆر لایەنەوە پێناسەیان كردووە هەندێ لەو پێناسانەی بۆ ئەم حاڵەتە كراوە . نامۆیی لە ((حاڵەت و دیاردەیەكی دەروونی و كۆمەڵایەتیەوە رووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە . ئەم خەسڵەتە دەروونییە لای هەموو كەسێك بە پێی باری دەروونی ژینگەكەی بوونی هەیە و مرۆڤەكان هەر چیەك بن و لە هەر پلەو پایەو سەر بە هەر ئاستێكی رۆشنبیری بن دەشێت دووچاری ئەم حاڵەتە بن)) (سعدوون ،٢٠١٥، ٤٨٢) واتا نامۆیی وەك دیاردەیەك ئەگەری تووشبوونی لە هەموو مرۆڤێك هەیە جا لە هەر پلەو پایەیەك بێت بە رۆشنبیر و نا رۆشنبیرەوە .

نامۆیی لە روانگەی (فرۆید) هوە ((بریتییە لە یەك كەوتنی مرۆڤ بۆ خۆقوتاركردن لەو مەلولی و مەینەتییەی كە بە سروشتی مرۆڤەكانەوە بەستراوە لە ئەنجامی ئەو كۆسپانەی دێنە پێش بۆ رێگاچارەیەكی نێوان هەوڵەكانی بۆ گەیشتن بە مەیل و مەرامە غەریزەییەكان ،بە شێوەیەكی سەربەست و رەها لە لایەكەوە لە نێوان زەرورەتە كۆمەڵایەتیی و رۆشنبیری و شارستانییەكان . لە لایەكی ترەوە فرۆید نامۆبوونی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو كۆت و بەندەی لە پێوەرو یاسا كۆمەڵایەتیەكان دا دەردەكەوێت لە سەر چالاكی و غەریزە بایەلۆژییەكان .مرۆڤ لە رێگەی دامەزراوە كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و مادییەكانی كۆمەڵەوە دەسەپێنری وەكو پێوەرێك نابێت مرۆڤ لێی لا بدات ئەم نامۆبوونەش هەر لە سەرەتای منداڵیەوە دەست پێ دەكات ، چونكە لە سەری پێویستە پێی بڵێن نەكەی یان عەیبە ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە ترس و دڵەڕاوكێیەك ناچار حەزو ئارەزووەكانی دەمركێتەوە)) (فاروق ،١٤) هەروەها لە رۆانگەی (ماركس) هوە نامۆیی ((بە مانا گشتییەكەی بارودۆخێكی بە سەردا سەپێنراوە ، لە بوونی مرۆڤ دا، كەلە بوونی راستەقینەی خۆی دەخاتەوەو دەیانكاتە بێگانە ، مرۆڤ لەم بارودۆخەدا تووش بێگانەیی دەبێت ، كە بوارەكانی خۆناسین و داهێنان و سەربەستییەكەی دەگرێتەوە

و ڕێگەنادات خۆی بکات بەو کەسەی خۆی دەیەوێت ، لە ئاکامی ئەم بارودۆخەی بووندا مرۆڤ دەبێت بە کەسێکی دیکەو خۆی وون دەکات ژیانیشی دەبێت بە لاسایی کردنەوە ، هەروەها پێویستە ئەوە بزانین کە جگە لە مرۆڤ هیچ بوونەوەرێکی دیکە تووشی نامۆیی نابێت)) (سەباح ، ٢٠١٥ ،١٠٥)

لە (معجم علم الاجتماع)دا نامۆیی بریتیە لە: ((حاڵەتێکی دەروونی کۆمەڵایەتی کە بەشێوەیەکی تەواو زاڵ دەبێت بەسەر تاکداو نامۆی دەکاتو دووری دەخاتەوە لەهەندێك لایەنی واقیعە کۆمەڵایەتیەکەی، لەلایەکی ترەوە بەجۆرێك پێناسەی نامۆیی کراوە کە حاڵەتێکی ڕۆحییە مرۆڤ تێیدەکەوێت بەشێوەیەك لەدابڕانو هەستکردن بەنامۆیی کەخراپترە بەواتای ترازانو جیابوونەوەی دێت، ترازان لە ئاین، لەخاكو نیشتمان، لەکەلتور، لەخۆشەویستی، لەباوەڕ، لەخود)) (معجم علم الاجتماع ، ١٩٩١، ٤٣٧.)

واتا نامۆیی پچراندنی تاکە لە کۆمەڵگەکەی بە گشتی و ڕەتکردنەوەی هەموو پێوەرەکانی کۆمەڵگەیە ، یاخود هەندێك جار قوڵتر و فراوانتر دەبێت و دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی تاك لە خودی خۆی و ژینگەی دەوروبەری و کۆمەڵگاکەشی بە گشتی .

لە فەرهەنگی نوێشدا سەبارەت بە نامۆیی ئاماژە بەوە کراوە کە ((بریتییە لە نەمانی پەیوەندی مرۆڤایەتی . پەیوەندی ماددیی شوێنی دەگرێتەوە مرۆڤ وەك دەسەڵاتێکی نامۆ هەوەسی کەلوپەلی بە سەردا زاڵ دەبێت)) (مەعروف، ٢٠٠٣، ٥٧)

واتا کاتێك لە نێوان مرۆڤدا پەیوەندی مرۆڤایەتی نەمان ئەوە شتە مادییەکان ئەو بۆشاییە پڕدەکەنەوە و هەستی نامۆیی لەو کاتەدا زاڵ دەبێت .

(داڤید گریبەر) ش سەبارەت بە نامۆیی دەڵێت ((تاك كاتێك دووچاری نامۆبوون دەبێت كە جۆرێك لە پێكدادان دەبینێت لەنێوان پێناسەكردنی خودی خۆیو ئەو پێناسەیەیی كە كۆمەڵگا بۆ ئەوی دەكات، ئەوكاتە نامۆبوون دەبێتە شێوازێكی خودی بەسەر شێوە جیاجیاكانی كپ كردن لەناخی قوربانیەكاندا هەڵدەكات)) (بۆكانی، ٢٠٠٦، ٤٩)

لە پێناسەكەی (داڤید)دا ئەوە روون دەبێتەوە كە نامۆیی تایبەتە بە هەستە خودیەكانی مرۆڤەوە،وەكو هەستكردنی تاك بە لەدەست دانی پەیوەندی خۆیو ئەو شوێنەی كەتیایدا دەژی، یان هەستكردن لەناخی خۆیدا بەگۆشەگیر بوون لەو چوارچێوە كۆمەڵایەتیەی ژیانی تیدا بەسەر دەبات یان تەنانەت ئەو كەسانەش كە لەگەڵیاندا دەژی.

هەرلە بارەی نامۆییەوە (كینستۆن) دەڵێت : ((رەتكردنەوەی بەها باوەكانی كۆمەڵگەیەو پاشەكشەكردن لێی توندڕەوی و یاخی بوونە بەرامبەریان)) (ئاغوك ، ٢٠٠٣، ١٦) كاتێك كەسی نامۆ ناتوانێت ئەو واقیعە كۆمەڵایەتییە نەگونجاوە بگۆڕیت و گۆڕانكاری بە سەردا بهێنێ لە بەر ئەوەی لە لایەن كۆمەڵگاوە چەسپاون ، بۆیە كەسی نامۆ بە ناچاری پەنا بۆ كاری تر دەبات ، كە تەنیا خۆی بەڕێوەبەر و هەڵسوڕێنەری ئەو جیهانەیە .یاخود لەم ئاستە قوڵتر دەبێتەوە دەگاتە ئەو رادەیەی تاك نەك نامۆ بێت ، بەڵكو دژەكرداریشی هەبێت و توند رەوانە رەفتار بكات ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت كە بەكارهێنانی توندڕەوی و توندوتیژی دەرهاویشتەی نامۆییە .هەروەها پسپۆرانی كوردیش لە بارەی نامۆییەوە دەڵێن ((وشەیەكی دێرینی رەسەنی كوردییە بە كەسێك دەوترێت ، كە شوێنی لێ گۆڕابێت نامۆیی واتە:لە دەستچونی دەسەڵات و گۆشەگیری و تۆڕەیی و رق هەستان و پچڕان و تێكشكان لە واقیعی ژیان)) (ساڵح ، ١٩٩٨، ٤٢)

(بەختیار عەلی) ش دەڵێت: پەیوەندی تاراوگە بە هەستو تێڕوانینە ستاتیکیەکانمانەوە بۆ دونیا. قسەکردنە لەسەر ئەزمونێکی نوێی نامۆیی کە کەسی تاراوگە بوو پیا دەڕوات، ئەزمونێك کۆمەڵێك سیفاتی دیاریکراو لەشێوازەکانی دیکەی غوربەت جیادەکاتەوە، بەجۆرێك وا دەکات غوربەتی تاراوگەدیوێکی ناوازەترو تایبەتی تری ناو هەموو غوربەتەکان بێت، رۆحی کەسی تاراوگەبووش روحێکی تایبەتیترو ناوازەتری ناو غەریبان بێت. بۆیە نامۆبوون وەك دیاردەیەك توانی خۆی بەسەر زۆربەی بوارەکانی فەلسەفەو دەروووناسیو کۆمەڵناسدا بسەپێنێتو بواری ئەدەبیش لە کاریگەریەکانی ئەم دیاردەیە بێبەش نەبوو دەبینین لەزۆرێك لە کارە ئەدەبیەکاندا وەك بابەتێکی بنچینەیی دەردەکەوێت، بەتایبەتیش لەئەدەبی نوێدا. (عەلی، ٢٠٠٥،١٩).

لە کۆتایشدا سەبارەت بەم پێناسانەی بۆ نامۆیی کراوە دەتوانین بڵێین کە نامۆیی بە هۆی کۆمەڵێ یاسا و بەهای کۆمەڵایەتی چەسپاو کە توانای گۆڕینی نەبووە وای لە مرۆڤ کردووە کە ببێتە کەسێکی نامۆ.

سەبارەت بە زاراوەی نامۆییش لە بەر ئەوەی ئەم چەمکە لە زۆر بواردابە کاردێت و نووسینی زۆری لە بارەوە هەیە . بۆیە هێشتا ئەم چەمکە روون نییە و تەمومژی پێوەدیارە . چونکە لە هەر بوارێکدا بە گوێرەی ئاستی تێگەیشتنی خۆیان بەکاریان هێناوەولە بارەیەوە دوواون .

بنەچەی زاراوەی نامۆیی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی لاتینی کە بریتییە ((لە (alienation) ئەم وشەیە لە فرمانی(alinare) هاتووە ، کە بە مانای گواستنەوەی شتێك دێت بۆ کەسێکی تر ، کە دەبێتە خاوەنی یان بە مانای داماڵین و لابردن دێت ، ئەم کارە بۆ خۆی لە کارێکی ترەوە وەرگێراوە .کاری (alien) یش لە وشەی (alien) وەرگیراوە جا ناو بێت یان ئاوەڵناو.(قادر ، ٢٠١١، ١٢)

لە زمانی ئەڵمانی بۆ زاراوەی نامۆیی (pntfremdung) بەکار هاتووە وەك (گریم) روونی دەکاتەوە دەڵێت : مانای زاراوەی نامۆبوون یان دەست بە سەراگرتن یان لێ سەندن دەگەیەنێت ، ئەم زاراوەیە رێك بەرامبەر بە وشەی (nalienatio) ی ئینگلیزی دێ)) (شەوڕۆ، ۲۰۱۳، ۱۲)

هەروەها ووشەی نامۆبوون لەزمانی (ئینگلیزی)دا (Alienation)و لەزمانی فەرەنسی دا (Alienation) پێ دەڵێن.)) (مەعروف، ۲۰۰۳، ٧٤)

لەزمانی عەرەبیدا بەدوو زاراوە گوزارشت لەنامۆیی کراوە کە ئەویش (الغربە) و (الاغتراب).

لە فەرهەنگی (لسان العرب) دا غربە بەمانای(دووری) بەکارهاتووە. (ابن منقور ، ۲۰۰۸،۲٤) هەروەها لە فەرهەنگی (معجم الوسیگ) دا اغتراب بەمانای (دوورکەوتنەوە لەنیشتمان) بەکارهاتووە.(مصگفی و أخرون- ،٦٤٧)

لەزمانی فارسیشدا بۆ پیشاندانی بارە دەروونیەکە زاراوەی (از خود بیگانگی) بەکاردێنێت کە واتای لەخۆ نامۆبوون دەگەیەنێت.(www.almaany.com)

لەزمانی کوردیدا هەردوو زاراوەی نامۆییو نامۆبوون بەدی دەکەین کە شاعیرانو نوسەرانی کورد لەهۆنراوەو نوسینەکانیاندا بەکاریان هێناون. وە چەندین دەربڕینی بۆ کراوە کە بە واتای ((تاراوگە ، ئاوارەیی ، دووروڵات ، غوربەت ، پەڕاگەندە دێت)) (پێنجوێنی ، ۲۰۰۰،٥٠)

لە فەرهەنگی (کوردستان) بۆ وشەی نامۆ واتای هۆگرنەگرتووی داناوە)) (موکریانی ،۱۹۹۹، ۸۷۱)

هەروەها لە فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە)دا مامۆستا هەژار موکریانی (نامۆیی) بە مانای (بێگانە)ی هەروەها غەریب بە مانای ئاوارەیی و دورەوڵات و بەستەزمان هاتووە)) (هەژار، ۱۳٦۹، ٥١۲) ، بەڵام مامۆستا شێخ محمدی خاڵ فەرهەنگی

(خاڵ) دا بەواتایی (بێخەوی) و (بێ) کەیفیەکە لەرانەهاتنی شوێنێك پەیدا ببێ)) (خاڵ، ٢٠٠٠،٢٣١)

زاراوەی نامۆیی وەك ئاماژەمان پێ دا لە زۆر بواردا بە کار هاتووە . و ماناکەشی ((چەندین جار بە درێژایی سەدەکان گۆڕانی بە سەردا هاتووە . لە گوتاری تیۆلۆژیی (ئیلاهیناسی دابۆ مەودای نێوان مرۆڤ و خوا بە کار هاتووە ، لە تیۆرییەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییدا بۆ لە دەستچوونی ئازادی بنچینەیی تاك بە کار هێنراوە ، لە ئابووری سیاسی ئینگلیزیشدا ، ئاماژە بووە بۆ حەواڵەکردن و گواستنەوەی خاوەندارێتی موڵك و مومتەلەکات)) (مۆستۆ ، و : محەمەد ، ٢٠١٨، ٤)

## تەوەری دووەم

## هۆکارەکانی نامۆیی

دیاردەی نامۆیی وەك چۆن ئاماژەمان پێ دا کە لە زۆر بواری جیاواز و بە مانای جیاواز بە کار دێت بە هەمان شێوە لە کاریگەری لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە کۆمەڵگەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە . هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەش ئەوە نییە بە بێ هۆکار تووشی مرۆڤ بێت ، بەڵکو لە ئەنجامی کۆمەڵێ هۆکار ،کە وا لە تاك دەکات تووشی نامۆیی بێت . نامۆیی مرۆڤ هەمەجۆرە و فرەلایەنە و مەرج نییە ئەو هۆکارەی کەسێك تووشی نامۆیی بکات . بە هەمان هۆکار هۆکار کەسێکی تر نامۆ بکات. واتا نامۆیی بە هۆکارگەلێکی جیاواز دووچاری مرۆڤ دەبێت و هۆکاری نامۆیی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تریش جیاوازە . پسپۆرانی ئەم بوارەش کۆمەڵێ هۆکاری جۆراوجۆریان دەستنیشان کردووە .

١-هۆکاری ئایینی : یەکێکە لە هۆکارەکانی نامۆیی کە مرۆڤ بە شێوەی جۆراوجۆر تووشی دەبێت و بە بنەڕەتی نامۆیی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و دەروونی

دادەنرێت . مرۆ ڤ لەو ((کاتەی دووچاری توونـدوتیژی دەبێتەوە یاخود خاوەنی ئـایینێکی تـر بێـت ، کـە جیـا بێـت لـە ئـایینی زۆرینـە . هـەروەها بـە هـۆی حـەزە جۆراوجۆرەکانیـەوە کاریگـەری لـە سـەر ئاسـتی هـزری و رۆشـنبیرییە جیاوازەکـانی کۆمەڵگە هەیە ،چونکە بونەتە هۆی دروستکردنی ململانـی لـە نێوان بـەهاو پێوەرە بنچینەییەکان ئەو رێنویانەی ، کە هەن لە کۆمەڵگادا ئەمانەش دەبنە هۆی ململانـی ئایـدۆلۆژی تونـدوتوڵ سـەرئەنجام سەردەکێشـێت بـۆ دەرکـەوتنی کـەنارگیری جیاکـاری کۆمەڵایـەتی و دڵـەراوکێی دەروونـی و دیـاردەی نـامۆبوون لای کەسـەکانی نـاو کۆمەڵاگە)) (زاهد، ٢٠١٥، ٤٧)

٢- هۆکـاری خـودی :ئـەم هۆکـارە لـە گرنگتـرین هۆکـارو فاکتەرەکانـە کـە مرۆڤ تووشی نامۆیی دەکات، مرۆڤ دەبێت بتوانێت تێگەیشتنی بۆ خودی خۆی هەبێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکات بەڵام ((کاتێك مرۆڤ هەست دەکات نامۆیە بە خودی خۆی و ناتوانێت مامـەڵەی لەگەڵدا بکـات ئـەو کـات بـە دڵنیایـەوە تووشـی نامۆیی دەبێت)) (ریتشارد ،ت : حسین ،١٩٨٠، ٨٤)

٣-هۆکاری سروشتی : یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە مرۆڤ تووشی نامۆیی دەکـات سروشـتە ،ئەمـەش لـە ئـەنجامی کارەسـاتە سروشـتییەکانی وەك (لافـاو ، بومەلـەرزە ، بورکان ، ترسان لە ئاژەڵی درەند...... هتد) ئەم هۆکارە بە یەکەمین هۆکار دادەنرێت ((لە سەرەتاوە تاوەکو ئێستا مرۆڤ دووچاری نامۆبوون دەکات ، هۆکاری سروشتی کاتێك مرۆڤ دووچاری نامۆبوون دەکات کارەساتی سروشتی لێ بکەوێتەوە ترس لە دڵی مرۆڤ دروست بکات)) (حەمە، ٨٧)

٤-هۆکاری کۆمەڵایەتی : یەکێکە لە هۆکارەکانی نامۆیی کە دووچاری مرۆڤ دەبێتەوە. مرۆڤ وەك بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی کاریگەرە بە فاکتەری ژینگەیی و کۆمەڵگاکەی کە تێدا دەژێت . ئەم کاریگەریش لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی تر و لـە سـەردەمێکەوە بـۆ سـەردەمێکی ترجیاوازە ئـەم حاڵەتە بـە هـۆی ((نـە گونجانـدنی

تاك لەگەڵ دەوروبەرەكەی و نەگونجاندنی حەزو ئارەزووەكانی لەگەڵ كەلتورو داب و نـەریتی گشـتی جگـە لـە نەگونجانـدنی تـاك ، لەگـەڵ پێـوەرە كۆمەڵایەتییـە ئەخلاقییـەكان دا ، رێگریكردنـی كۆمـەڵ لـە حـەز و ئارەزووەكـانی) (زاهـد ٤٠،٢٠١٥) ئەم هۆكارە بە شێوەیەكی رون لە ناو كۆمەڵگادا بەدی دەكرێت

٥-هۆكـاری رۆشـنبیری : نـاتوانین هۆكارەكـانی كۆمەڵایـەتی لـە هەنـدێ پێكهاتـەی تـر، كـە لـە دەوروبـەرمان هەیـە لـە كۆمـەڵگادا دابـڕین . پێكهاتـەی رۆشبیریش یەكێكە لەو هۆكارانەی كە كاریگەرێكی زۆری لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە ((تێكجوونی پێكهاتەی رۆشنبیری .بیگومان دەبێتە هۆی تێكچوونی دەروونی تاك و دواتریش تاك تووشی نامۆیی و نامۆبوون دەكات)) (عید، ٢٩)

٦-هۆكاری سیاسی: هۆكارێكی ترە دووچاری مرۆڤ دەبێتەوە تووشی نامۆیی دەكـات ، كـە لـە ئـەنجامی هەسـتكردنی تاكـە بـەوەی ناتوانێت كاریگـەری لەسـەر كردەوەكـانی حكومـەت هـەبێت. كـاتێ پـەیڕەوی دەسـەڵاتەكانی دەكـات و بڕیارەكـانی دەسـەڵاتش نـە روونـەو نـە پێشـبینیكراوە و نـە دادپەروەرانەیـە . بۆیـە تـاك تووشـی نامۆیی دەبێت. یاخود تاك دەزانێت كە ((بە هۆی باڵادەست بوونی دەوڵەت بە سەر گشت بوارەكـانی كۆمەڵگـە چ لـە رووی مەدەنییەتـەوە بـێ یاخود گۆرانكـاری لـە بـوارە جیاوازەكانی دیكەوە بێت ، ئەمە وا لە ئەندامەكان دەكات هەست بە بێ توانایی و نـامۆیی خۆیـان و كەسـەكانی تـرو دامـەزراوەكانی تـری كۆمـەڵگا بكـەن)) (زاهـد ٤٠،٢٠١٥)

## تەوەری سێیەم

## جۆرەكانی نامۆیی

نـامۆیی وەك چـۆن چەنـدین هۆكـار هـەن كـە وا لـە مـرۆڤ دەكـات دووچاری نامۆیی بێت بە هەمان شێوە یەك جۆر نـامۆیی نییە ، بەڵكو زیاد لە فۆرم

و جـۆرێکی هەیـە و لـە ژینگەیەکـەوە بـۆ ژینگەیـەکی تـر و لـە سـەردەمێکەوە بـۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت و جیاوازە ،چونکە یەکێکە لەو حاڵەتە تاکەکەسییانەی کە پێوانـەو پێـوەرێکی تایبـەتی نییـە. تـابتوانین لەڕێگەیـەوە تێکـڕای کەسـە نامۆبووەکـان لەکۆمەڵگەیەکدا دەستنیشـان بکـەین.تەنانـەت ئـەم حاڵەتە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی ترو لەیەك کەسیشدا لـە قۆناغێکـەوە بۆ قۆنـاغێکی تـر دەگۆڕێت بە لەبەرچاوگرتنی سیسـتمی سیاسـیو کۆمەڵایـەتیو ئـابووری ئـەو کۆمەڵگەیـە، بۆیـە ئاسـاییە بڵێـین نامۆیی بە ئەندازەی ژمارەی کەسـەکان شێوەو ئاکامی جیاوازی دەبێت، ، بەڵام ئـەم دۆخـە هەستیارە کە بەنامۆیی ناسراوە تایبـەت بـەمرۆڤـو لەچوارچێوەی ئێشو ئـازارە تاکـە کەسـیەکانی مـرۆڤ دەرناچێـت ئـەوەی جێگـەی گرنگـی پێدانـە هەرچەنـد پێناسەکان زۆرن لەبارەی نامۆیی یەوە، هەرچەند فاکتەرو سەرچاوەکانی توشبوون بە نـامۆیی زیـاد لەسـەرجاوەو فاکتەرێکـە، بەهـەمان شـێوەش جۆرەکـانی نـامۆیی زۆرو هەمـە چەشـنن.سـەرەڕای زۆری جۆرەکـانی ،بـەڵام لێـرەدا تـەنیا باسـی ئـەو جۆرانـە دەکەین کە بڵاون و مرۆڤ تووشی دەبن.

١-نـامۆیی کۆمەڵایەتی :- ئەم جۆرە بە ترسناکترین و ئاڵۆزین جۆری نامۆیی لـە قەڵـەم دەدرێـت .چونکـە نەگونجانـدن و دابڕانـی تاکـە لـە کۆمـەڵگاو داب و نەریتەکانی ، واتـا نـامۆیی کۆمەڵایـەتی ((دابڕانـی تـاكو جیابوونـەوەی لـە کۆمـەڵگاو گرنگـی نـەدان بـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتیـەکانو دژایـەتی کردنـی ئـەو شـتانەی کـە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان ئاراستە دەکات، یان دژایەتی کردنـی ئـەو دۆخـە نـەریتیو چەسپاوە کۆمەڵایەتییەی لەکۆمـەڵگادا پیادە دەکرێنو بـاون)).(عـەلی ، ٢٠٠٥،٥٦) ،هەروەها لەم بارەیەوە زانای کۆمەڵناسی(سیمان) ئەم جۆرە نامۆییە جۆرە ڕاڤە دەکات کە (تاك هەست بەبێتوانایيو بێ دەسەڵاتی دەکات لەوەی کەبتوانێت کاربکاتە سەر ئەو بیروباوەڕەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتیانەی کەکاریان لەگەڵ دەکات) واتا دەبێتەهۆی

دەرچوونیو لادان لەو پێوەرە کۆمەڵایەتییانەی کە هەڵسوکەوتو رەوشتی کۆمەڵگاو تاك رێکدەخەن،(قادر، ٢٠٠٧، ٢٥)

٢-نامۆیی جوگرافی :- ئەم جۆرە نامۆییە لە ئەنجامی دوورکەوتنەوە لە خاك و نیشتمان و ئاوارەیی تووشی تاك دەبێت کاتێك مرۆڤ هەست بە نامۆیی دەکات لەو شوێنەی کە لێی دەژێت کە شوێنی خۆی نییە ، پسپۆران سەرەتای ئەم نامۆییە لە مێژووی مرۆڤایەتی دا دەگەڕێنەوە بۆ دەرکردنی داپیرەو باپیرە ئادەم و حەوا لە بەهەشتدا . هەستی نامۆیی جوگرافی بۆ یەکەم جار لە لای مرۆڤ سەلمێنرا ،چونکە بۆ یەکەم جار مرۆ ڤ لە مێژوودا پێگەو شوێنی شایستەی خۆی لە دەستدا کە بەهەشتە.بەمەش هەستی نامۆیی لا دروست بوو. ئەم جۆرە نامۆییە مرۆڤ رەنگە هەندێ جار ((بەخواستی خۆیان لەشوێنێکەوە دەگوازنەوە بۆ شوێنو جوگرافیایەکی تر، هەندێك جاریش بەناچاری ئاوارەو سەرگەردان دەبن یان بەهۆی کارەساتی مێژوویيو سروشتییەوە. بەڵام هۆکاری نامۆ بوونی مرۆڤ هەرچییەك بێت هیچ لەو راستیە ناگۆڕێت کەشوێن لەیادەوەری مرۆڤەکاندا شوێنی تایبەتو گرنگی خۆی هەیە بەتایبەت نیشتمانو وڵات.)) (قادر، ٢٠١١،،٤٥) ،کەواتە مرۆڤ وا بەستەی شوێنی لەدایك بوونیەتی. بەکورتی دەتوانین ئەوەبخەینە بەردەستو بڵێین نامۆیی جوگرافی ((بریتیە لە دەستدانی ژیانی ناو نیشتمانو روونکردنەشوێنێکی تر لەدەرەوەی نیشتمان، جا ئەم گواستنەوەو لەدەستدانە بەخواستی خودی مرۆڤ بێت یان لەژێر کاریگەرێتی دیکەدا بێت وەك جەنگو داگیرکاریو فشاری رامیاریو کۆمەڵایەتیو هتد..)) (،(قادر، ٢٠٠٧، ٢٢)

٣-نامۆیی سیاسی :- ئەم جۆرە یەکێکە لەو جۆرە نامۆییانەی کە زۆرتر لە جۆرەکانی تر لە کۆمەڵگای هاوچەرخ بە شێوەی گشتی و کۆمەڵگای دواکەوتوو بە شێوەی تایبەتی بڵاوبووەتەوە.بەوەی هەستکردنی تاکە بەرامبەر ئەو ستەم و زوڵم و گەندەڵییەی کە دەسەڵات لێیان دەکات و توانای بەرەنگارییان نییە .بۆیە نائومێد

دەبن بەوەی بتوانن ئەم دۆخە ناهەموارە بگۆڕن . لە ئەنجامی ئەم بێ هیواییە تاك تووشی ئەم جۆرە نامۆییە بێت بەرامبەر بە دەسەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتە . یاخود بریتییە لە ((نارازیبوونو ڕتکردنەوەو بەگژداچوونەوەی ئەو ستەمو نەریتە رامیارییانەی لەگەڵ خواستو ئامانجو داواکارییەکانی تاکدا یەکناگرێتەوە یاخود ئەو سیستمە رامیارییەی کەجیاوازی ڕەگەزو ئایینو نەتەوەو نەژاد لەنێوان هاوڵاتیان دەکات بە بەهانەی سەروەری باڵادەستی لایەك بەسەر لایەکی دیکەدا، یان زۆرجار ئەم دۆخە لەئەنجامی ئەو بارە نائاساییو نالەبارە ڕامیارییەوە دێتەکایەوە کە وڵات تووشی دەبێت بەهۆی قەیرانی سیاسی کودەتاوە، هەندێك جار دەگونجێت گروپێك لە کودەتایەکدا سەرکەونو وڵات بەرەو جەنگو کاولکاری بەرن، زۆرجار هۆکاری شەڕی ناوخۆ وەك فاکتەرێکی گرنگ پێناسە کراوە لەبەرهەمهێنانی نامۆییدا لەبواری نامۆیی ڕامیاری، چونکە کاتێك جەنگ دەبێتە دیالۆگو تێگەیشتن دۆخێکی دژواری سایکۆلۆجی بۆ ئەندامانی کۆمەڵگە دروستدەبێت، کە زۆر جار دەبێتە هۆی نامۆیی تاکەکان. (برکات ، ٢٠٠٤، ١٠٠.)

٤- نامۆیی ئایینی :- جۆرێکی تری نامۆییە لەبەر ئەوەی ئایینەکان جیاوازن . دیدو بۆچوونیان دەربارەی ئەم چەمکەش جیاوازە و هەر یەکە لەو ئایینانە بە شێوەیەکی تایبەت شیکردنەوەیان لە جۆرو دروستبوونی لای مرۆڤ کردووە . زانایانو لێکۆڵەران لەبارەی نامۆیی ئایینی بە چەندین شێواز لێکدانەوەیان کردووە، هەندێکیان ڕایان وایە کە ((مرۆڤ بەهۆی ئایینو لەژێر کاریگەری گوتاری ئاینیدا بەژیانی خۆی نامۆ دەبێت لەڕێگەی بیرکردنەوە لەمردنو سزاو پاداشتی پاشە ڕۆژ لەلایەن پەروەردگارەوە بۆیە بەڕای ئەو لێکۆڵەرەوانە مرۆڤ کاتێك لەدنیادا تواناو هێزەکانی خۆی دەداتە هێزێکی نادیارو دەرەکی تا لە کۆستو کارەساتەکانی بیپارێزێت، بۆیە هەمیشە چاو لەئاسمانە بۆ باشترکردنی ژیانی تایبەتی خۆی، ئەو خەسڵەتانە لەخۆی دادەماڵێت کە دەتوانێت لەڕێگەیەوە ژیانی خۆی پێ باشتر بکات

کەچی مرۆڤ چونکە بەهۆی ئایینەوە نامۆ بووە ملکەچ دەبێت بەرامبەر ئەو هێزە نادیارە کەخۆی تەسلیم کردووەو تواناو دەسەلاتی خۆی بەخشیوە بەئایینو دامەزراوەکانی بۆ ئەوەی شتێکی بۆ بکەن. (عەلی ،٢٠٠٥، ٢٠.) ،بەلام هەندێکی تر لەزاناو لێکۆلەران بەبێژەوانەی ڕای ئەوانەی پێشووتر پێیان وایە کە ((دوورکەوتنەوە لەئایینو خودا گرنگترین فاکتەرێکە کەمرۆڤ توشی نامۆیی دەکات، بەواتایەکی تر مرۆڤ دروستکراوی خودایەو پێویستە لەسەری لەپەیوەندیەکی گەرمو گوڕدابێت لەگەڵ خودای خۆیداو لەنەریتو ڕێو ڕەسمە ئاینیەکاندا لەفەرمانی خودا دەرنەچێتو لەژیانی تایبەتی خۆی هەوڵو کۆششی لەپێناو ڕازیکردنی پەروەردگارا بێتو ژیانی ئەم دنیای مرۆڤ هیچی بەهاو نرخێکی ئەوتۆی نییەو چەند ساڵێکی کەمەو دەبڕێتەوە)) (نەقشەبەندی، ٢٠٠٤، ٥٧.) ،بۆیە مرۆڤ پێویستە بۆ بەدەستهێنانی دنیای نەبڕاوەو بێ کۆتایی تێبکۆشێتو هەوڵو تواناکانی خۆی لەم دنیایەدا بۆ کۆکردنەوەی زەخیرەو توێشووی ئەو دنیای بێت.

گەر مرۆڤ لەو((پرەنسیپە گشتیو تایبەتیانەی ئایین لابداتو پشتگوێی بخات ئەوا مرۆڤ بەپێی تێڕوانینەکانی ئەوان توشی نامۆیی بووە بەئایین.(مجدی، ٢٠٠١، ٦٧.)

٥-نامۆیی ڕۆشنبیری :- ئەم جۆرە نامۆییە بە زۆری تووشی کەسانی هۆشیار و ڕۆشنبیر دەبێت . ئەمەش لە ئەنجامی چەقبەستووی ناوەندە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانە ، کە لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییە ڕۆشنبیرییەکان سەردەمدا ناگۆنجێن و گەشە ناکەن . ئەم جۆرە بە مانای ڕەتکردنەوەی ڕۆشنبیری گەلو جەماوەر دێت لەلایەن تاکە کەسەوە، بۆیە لەهەمبەر کۆمەڵو ڕۆشنبیرییە باوەکەیدا کەمتەرخەم دەبێتو هیچ گرنگیو بایەخێکیان پێ نادات، هەروەها (دیکارت) زیاتر ئەم حاڵەتە ڕوون دەکاتەوە و دەیبەستێتەوە بە بیرەوە و دەڵێت : من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم، بۆیە مرۆڤ نامۆبوو لەڕووی ڕۆشنبیرییە باوو چەقبەستووەکە ڕەخنە دەگرنو

ئـەو بونیـادو دامـەزراوە رۆشـنبیرییانەی لەبابـەت پـەروەردەو سیسـتمی خوێنـدنو زانکۆ،کـە بـواری بەرهـەمهێنانی ڕۆشـنبیرین سـەرکۆنە دەکـەن لـەپێناو چـاککردنی سیستمی پەروەردەو ڕۆشنبیردا، هەتاکو جێگەیدا کلتورێکی نوێی ڕۆشنبیری بونیاد بنێن)) (بۆکانی ، ٢٠٠٦، ٥٥.)

نـامۆیی خـود: ئـەم جۆرە نامۆییـە لـە تێڕوانینـەوە بۆ بـوون سـەرچاوە دەگرێـت . حاڵەتەێکە کە مرۆڤی نامۆ تیایدا هەست بە رەشبینی دەکات و گۆشەگیری دەکات و وای لیدەکات لە کۆمەڵگا و داب ونەریت دووری دەخاتەوە ئەم نامۆیەش خراپترین جۆری نامۆیی یە کە تووشی تاك دەبێت . بنەچەی ئەم جۆرە لاتینیە و بە ((مانـای لەدەست دانـی کەسایەتی خود دێت . زۆر جار تاك ناتوانێت مومارەسەی مـاف و داواکاری حەز و ئارەزووکانی خۆی بکات و کۆمەڵگە دەبێتە لەمپەر لە بەدیهێنانی ئـەو حەزوداواکاریانـەی ،ئیتر کۆمەڵگـە بـە سـەربازگە دەشـوبهێنێ وەکـو دەزگایـەکی سـەرکوت کردنـی حـەزوئارەزووکان و داچەپانـدنی مـەیل و بۆچوونـەکانی ، کـە ناتوانێت لـەم سەربازگەیە گوزارشت لـە بۆچوونـەکانی خۆی بکات. بۆیـە هەسـت بـە نائـارامی دەکـات لـە حاڵەتێکـدا کـە دەروون نـەخۆش دەبێـت یـان دوورکەوتنـەوە و گۆشـەگیر دەبێت دەوری نابێت و نەشاز هەڵسوکەوت دەکات و لەگەڵ دەوروبـەری ناگونجێت)) (حەمەد ، ، ٢٠٠٢، ٢٠٢)

## تەوەری چوارەم

رەنگدانەوەی نامۆیی لە هۆنراوەکانی محەمەد عومەر عوسماندا(ژەنەڕاڵی پاییز)

بێگومان نامۆیی وەك حاڵەتێك رەنگە تووشی هەموو مرۆڤێك بێت شاعیرانی هەموو قۆناغەکان بەدەرنین لەم حاڵەتە و لە شیعرەکانیاندا رەنگیداوەتەوە ژەنەڕاڵی پاییزیش یەکێکە لەو شاعیرانەی ئەگەر ئاوڕ لە شیعرەکانی بدەینەوە ئەوە زۆر بە روونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ،کە شاعیر پشکی شێری لەم حاڵەتە بەردەکەوێت

و زۆربـەی زۆری جۆرەکـانی نـامۆیی لـە شـیعرەکانیدا بـوونی هەیـە ،چونکـە هـەموو ئەوهۆکارانەی دەبێتە هۆی ئەوەی تاك دووچاری نامۆیی ببێتە لە کەسایەتی شاعیردا بـوونی هەیـە .بۆیـە لـەم پـارەدا هـەوڵ دەدەیـن بـە پێـی توانـا دەستنیشـانی ئـەو هۆنراوانەی شاعیر بکەین ، کە نامۆیی تێدا رەنگی داوەتەوە بۆ نموونە شاعیر لە هۆنراوەی لە غوربەتا خۆزگە دەخوازێ جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سلێمانی و چاوی بە تانجەرۆ بکەوێتەوە.

ئاخ..بۆ تانجەرۆ رۆشت تانجەرۆی جاران

تۆبڵێ ی چاوم پێ روون بێتەوە

تۆ بڵێ ی قژی ماش و برنجیم

بە دیداری رەش ببێتەوە

بیرمە مناڵ بووم لەگەڵ باوکما

لە تەنیشت پردە روخاوەکەوە

قولاپی ماسی گرتن لە دەستماو

قاچم ئەخستە ناو ئاوەکەوە (لە غوربەتا ،٤٦)

شاعیر لـەم دەقـەدا دەگـەڕێتـەوە بۆ رابردوو ئاخ بۆ یادگارییـەکانی مناڵی ئەخوازێ کە رۆژانێکی خۆش بووەو ئاواتەخوازە بگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆژانەی کە خۆش بـەخت بووە لـە وڵاتەکـەی خۆی. شاعیر لێرەدا تـەنیا باس لـە هەستی خۆی ناکات بەڵکو باس لە هەستی هەموو غەریبان دەکات. بۆیە لەم دەقەدا هەستی نائومێدی و نامۆیی جوگرافی بە روونی پێوەدیارە،

هەروەها کاتێك پایز لە لای شاعیربە شێوەیەکی ئیستاتیکی تێکەڵ بە تراژیدیا دەبێت ، ئەمە وا لە شاعیر دەکات ئەفراندن لە تراژیدیا بکات . بۆیە شاعیر تووشی نامۆیی دەبێت و لەم دەقەیە دەڵێت:

پایزم زامەو هەمیشەییە
روخساری بەهار نایشارێتەوە
لە قوڵاییما .. گەڵارێزانە ..
زریانی ناخم نابڕێتەوە
پایز لە دنیای شیعری وێڵ بووما..
ئاسمانێکی پڕ لە گەردەلوولە (لە غوربەتا ،٣٣).

لەم دەقەدا رەگەزەکانی سروشتی وەك (پایز ، بەهار..... هتد ) دەرکەوتوون و شاعیر بە تێڕوانینی خۆی و لە وێنەیەکی داهێنانکاریدا دووبارە داڕشتۆتەوە و پایزی کردووە بە هێمای مەرگەسات و لێکدابڕان . ئەمەش لە یەك کاتدا ناخی شاعیر بووەتە زامێکی هەمیشەیی و دەروونی وێرانکردووە ، سەرەڕای ئەوەی بەهار کە هێمایە بۆ خۆشییەکانی ژیان ، بەڵام ناتوانێت شاعیر لەم ژیانە پڕ ئازارو تراژیدیایە رزگار بکات . بۆیە شاعیر تووشی نامۆییەکی قووڵ بووەتەوە ,

هەروەها شاعیر لە درێژەی شیعرەکەیدا بە خەیاڵێکی داهێنانکارییەوە و لە رێگای رەگەزەکانی سروشتەوە وەکو (گەڵارێزان ، هەور ، چڵی پایز ، خەزان) وێنەیەکی جوانی کێشاوە و نامۆییەکی قووڵی تێدا بەدیدەکرێت و تێکەڵی جیهانبینی تراژیدیای کردووەو دەڵێت :

پایز لە خوێنما مۆمەو ئەسوتێ ..
پایز لە دەڵما زامێکی قووڵە

کێ بۆ خەزانی عومری من دەگرێ ؟

کێ بە دیی ئەکا گەڵا ڕێزانی ؟

پایز فرمێسکە لە چاوی هەورا.

کوا هەوری من و قوڵپی گریانی ؟

تخوا کە مردم گەڵا کفنم بێت

دەمیشم پڕ کەن لە گەڵای وەریو

تابووت و گۆڕم چڵی پایز بێت

تەرمم مەنێنە ناو خاکی تەزیو. (لە غوربەتا ،٣٤).

شاعیر لەم دەقەدا کۆمەڵێ وینەی پێکەوە دروست کردووە کە گوزارشت لەوە دەکەن کە شاعیر لە نێو جیهانی تراژیدی و فرمێشك و قوڵپی گریان و نائومێدی و شکستدا بە لوتکەی تراژیدیا گەیشتووە ، چونکە تارمایی مەرگ ونەبێت و فرمێسك رشتن کۆتایی نایە ، بەمەش شاعیر تووشی نامۆییەکی قووڵ بووە.لە نموونەیەکی تردا شاعیر دەڵێت:

لێك جیابووینەوە بێ ماڵئاوایی

خەونەکانم بوو بە تەم و دوکەڵ

دڵ وێرانەیە و جێی کونەپەپوو..

شینێ بگێڕم بۆ جریوەی مەل! (لە غوربەتا، ٣٦)

شاعیر لەم دەقەدا توانیوێتی وێنەیەکی جوان دروست بکات و هەردوو بابەتی خەمناکی و ناخۆشی و خۆشی لەم دەقەدا کۆبکاتەوە. ئەوەش لە ڕێگای بەکارهێنانی هیماوە . بۆ نموونە کوندە پەپووی هێناوەتەوە وەك هێمای وێرانکاری کە

شاعیر بە هۆی جیابوونەوەی لە خۆشەویستەکەی خۆشییەکانی ژیانی بووەتە تەم ودوکەڵ . بەمەش شاعیر شین بۆ ژیانی وێرابووی خۆی دەکات . هەروەها شین بۆ نەمانی جریوەی مەل دەکات کە هێمای خۆشییە،کە کوندەپەپوو جێی گرتۆتەوە بەمەش هەستێکی نامۆیی قووڵ سەرتاپایی ژیانی شاعیری گرتۆتەوە , لە نموونەیەکی تردا شاعیر دەڵێت :

داوای شیعرێکی سەوزم لێمەکە....

بەهار لە عومری بێبەری یە..

بروانە قژی ماش و برینجیم..

کە دەفتەرێکی کوێرەوەری یە (لە غوربەتا،٧٨)

لەم دەقەدا شاعیر هەست بە نائومێدی و رەشبینی دەکات نامۆیی بە شیعرەکەوە دیارە کاتێك دەڵێت داوای شیعری سەوز یاخود ئومێدبەخشینی لێنەکرێ ، چونکە ژیانی ئەو هەمووی نەهامەتی و نائومێدی و کوێرەوەرییە تروسکەی گەشبینی لە ژیانی دا نییە، هەروەها لە هۆنراوەی هەواری چۆڵدا دەڵێت:

تەمێکی سووری کاتی زەردەپەر

ئەو دەشتە چۆڵەی گرتۆتە باوەش

ڕێبوارێکی ناو کزە باو زوقم

گوێم کەیل بووە لە گڤەی بارەش

رۆژانێکی زوو لە دەوری دەورا

کوانوو ئەگڕا .. ئاگر بەرز وگەش

ئەو دەشتە خۆشەی جاران هەوار بوو..

پڕە لە قیژە و قاژەی قەلەڕەش (لە غوربەتا ،١٠٤)

شاعیر لەم دەقەدا باس لەو شوێنە دەکات کە لێی ژیاوە کە سروشتێکی دڵگیرو خۆشبووە و بە حەسرەتەوەیە بۆی ،بەڵام ئیستا سروشت لێرە بەو شێوەیە نییە و جەوێکە پڕ لە بێزاری و نائومێدی و نامۆیی بە شیعرەکەوە دیارە.

هەروەها شاعیر لە هۆنراوەی (تەنیایی) دا دەڵێت:

سەدەها سەگ پێم وەڕیوە

کەڵبەی تیژیان لەو دەستانەدا نقووم کرد

کە نانی تیابوو نەوەك بەرد

درەختە پایزیەکانیش منیان جێهێشت

کە دڵی سەوزم دیاری بوو نەك گەڵای زەرد

فەرامشۆم

فەرامۆشم وەك تەرژەنێکی مەزن...

نیشتەجێ بووی شارێکی کەڕ

فەرامۆشم...

فەرامۆشم وەك زەنگی ئەو کەنیسەی...

بوو بێتە بنکەی سەربازی زەخیرەی شەر (لە غوربەتا ،٩٣)

شاعیر لیرەدا گلەیی لە کۆمەڵگاکەی دەکات و دەڵێت کە ئەو دەستی یارمەتی درێژ دەکات . بەڵام هەندێك کەس پێی نازانن و بە شێوازێکی ناشرین وەڵامی ئەدەنەوە، هەروەها فەرامۆش کراوە لە لایەن کۆمەڵگایەوە هیچ بایەخی پێنەدراوە ئەو خۆی چوواندووە بە کەنیسەیەك کە شوێنێکی پیرۆزە، بەڵام دوای جەنگ هیچ

پیرۆزییەکی تیانەماوە،چونکە بووە بە شوێنی سەربازی و خراپەکاری دەڵێت کە منیش بەو جۆرە فەرامۆش کراوم.بۆیە شاعیر لێرەدا هەست دەکات لە کۆمەڵکاکەی خۆیدا نامۆیە.

لە دەقێکی تردا شاعیر دەڵێت :

کێ بێ پایزی دڵی ئاوارەم

بنێتە کۆشکی قرمزی بەهار

کەشتی یەکی وێڵ لە دەریای تووشا

تۆبڵێ ی رۆژێك بگاتە کەنار (لەغوربەتا ، ٣٣)

لێرەدا شاعیر پرسیار لەوە دەکات ئاخۆ بڵێی کەسێك هەبێت رۆژێك ئەم دڵەی من شاد بکات ئەو باس لەوە دەکات کە ئیستا وەکو کەشتی یەك وایە کە ڕێرەوی لێ تێکچووبێت و ئاخۆ بڵێی کەسێك بێت و ڕێگای راستم پیشان بدات لەم شیعرەدا نامۆیی سۆزداری بە روونی بوونی هەیە .هەر لە کۆپلەیەکی تری هۆنراوەکەی خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوە دەڵێت با خۆم گێل نەکەم ئاماژە بەوە دەکات کە کەس نییە ئاوڕی لێ بداتەوە و خۆی دڵ خۆش نەکات بەوەی کەسێك بێت و بایەخی پێ بدات و کەمێك لەو رەشبینیەو نائومێدیەی بڕەوێنێتەوە کاتێك دەڵێت:

با خۆم گێل نەکەم... منی غوربەتی....

کەنارم تۆف و شەستە بارانە

کەس ناگری بەسەر رووخساری منا..

تەم و مژێکی دەم ئێوارانە (لەغوربەتا ،٣٣)

هەروەها شاعیر لە دەقێکی تردا دەڵێت:

چی سامناکترە .. چی غەمناکترە..

لە منێکی تەنیای ناو دورگەیەك چۆڵ؟

گیانێکی ماندوو.. هەستێکی (نالی)

خۆزگە ماچێکی دەشتی (خاك و خۆڵ) (لەغوربەتا ،٥١)

شاعیر لەم دەقەدا باس لە سامناکی و غەمناکی ژیانی دەکات ، کە لە خاکی غەریبی دا باسی تەنیایی خۆی دەکات . کە لە دورگەیەکی چۆڵ و زۆر ماندووە و هەست بە نامۆیی دەکات وەك ئەو هەستەی نالی ، کە چۆن خۆزگەی ماچێکی دەشتی خاك و خۆڵێتی کە شوێنی لە دایکبوونی نالییە . شاعیرش خۆی چوواندووە بە نالی و بە هەمان شێوە بیری خاك و نیشتمان و شوێنی لە دایکبوونی دەکات و بەمەش نامۆییەکی قووڵ بە دیدەکرێت .

شاعیر لە لایەکی ترەوە نامۆییەکی روون و ئاشکرا بە دەقەکەیەوە دیارو کاتێك دەڵێت نەخێر هیچ کەسێك نییە بۆ من ، کە ئەم تەنیاییەم پڕبکاتەوە زۆر بە رەشبینی سەیری بەختی خۆی دەکات و دەڵێت من کەسێکی بەدبەخت و چارەرەشم هیچ کەسێك بۆ من فرمێسك ناڕێژی و هیچ کەسێك نییە باوەش بۆ ئازار و ئەم تەنیایەی منی تێکەووتووم بگرێتەوە.

ئای چەندە مەیلم لە گریانێکە..

دڵ و جەرگمی تیا بتوێتەوە..

تەنیام و تەنیام.. کەس نی یە باوەش.

بۆ ئەم ئازارەی من بگرێتەوە (لە غوربەتا،٣٤)

هەروەها لە لایەکی ترەوە ئەو شاعیرەی خاوەنی تاقانە دیوانی پرگەوهەری لە غوربەتایە خۆی لە باسی دیوانەکە دا ئەوە دەخاتە روو. لە سەردەمێکدا من غوربەت

و پایز و تەنیایم دەنووسی رۆژگاری ناسیۆنالیستی بوو. بۆیە زۆر دژایەتی دەکرام بێ ئەوەی بزانن ووجوودی چی یە ئێمەیان بەو وجودی دەزانی ،بەڵام دوای لە غوربەتا گرەوی بردەوە و بۆیە لیرەدا دەڵێت:

خەڵکی بەشێتیان ئەدامە قەڵەم..

ئاخ ئەو رۆژانەی لەبەر بارانا

دڵی پر ئەشکم ئەتوایەوە

لە چاوەڕوانی دەم ئێوارانا

خەڵکی بەشێتم ئەدانە قەڵەم

نازانن کە من (با) ئەخوێنمەوە

تنۆکی باران حەرفی شیعرمەو

ئاگری عەشق چۆتە خوێنمەوە (لە غوربەتا،٣٩)

هەروەها ژەنراڵی پایز باس لە غوربەتیکەی خۆی دەکا و ئاماژە بەوە دەدات مەرج نییە غوربەت لای مۆرڤەکان غوربەتێگی جوگرافی بێت، چونکە غوربەتێکی تر هەیە لە ناو خێزان و کۆڵان و شارەکەی خۆت دایت و هەست بە غەریبی دەکەیت .هەروەها گرنگ ئەوەیە نیشانەکان لە دڵ و ویژدانی خۆیانەوە هەڵقووڵێن، لە غوربەتا هەڵقووڵاوی ناخی خۆمە و دەڵێت:

من میرات گری سەدان پایزم

هەتاوی خەمی من ئاوا نابێ

هەتاوێك ساردو سڕ وەك مردوو

رەنگە بۆنیشم فرمێسکی خوا بێت.. (لە غوربەتا ،ل٥٠)

شاعیر سەبارەت بەو ڕاڕاییەی لە خۆی و شیعرەکانیشی دا هەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نیوەی قەلەقەییەکانی من قەلەقی دەوروبەرن قەلەقی بێ حورمەتی کردنە بە تاکی کورد قەلەقی من ئەوەیە مرۆڤەکانیش ڕێز لە سروشت و پەپولەو گوڵ ناگرن ئەمە نەخۆشی یە:

من بۆچی نەمرم...بۆنەبمە هەورێ؟

تێر بگریم بەسەر باڵای ئازیزا..

بۆ ئازیز ڕۆی و لە من ناپرسێ..؟

تەمێکم لە ناو کۆشکی پایزدا (لە غوربەتا ، ٥٣)

هەروەها شاعیرە لە باسی گەنجێتی خۆیدا کە چی ژیانێکی بە سەر بردووە و ڕۆژگارەکانی جەنگی بیردەکەوێتەوە کە شاعیر لە سەردەمی گەنجیی ئەو دا وڵات بە چەندین جەنگدا تێپەڕیوە شاعیر پێی وایە جەنگ لەسەر زەمینی ئەودا نەیهَشت ڕۆژەکانی گەنجێتی بە خۆشی بە سەر ببات و کە خۆشترین ژیانی مرۆڤ کاتیکی گەنجێتییە ئەمەش تووشی نامۆیی دەکات و بە شیعرەکانییەوە دیارە و وەکو دەڵێت:

ڕێبوارێ بووم و

هەوارێ نەگریا بەسەر باڵاما..

تۆزی غەریبی بەرگی بەرم بوو

ڕێبوارێ بووم و

هەورێ نەکریا بەسەر باڵاما

سەرابێکی دوور ڕێی سەفەرم بوو (لە غوربەتا ، ٢٠)

ژەنراڵی پایز کاتێك تەمەنی بەرەو سەرەوە هەڵەکشێ و لە نیو سەدە لای داوە ئەو بۆ یەکەم جار باس لە مردنی خۆی دەکات و دەڵێت حەز دەکەم لە رۆژێکدا بمرم نە گەرم بێت نە سارد بۆ ئەوەی خەڵك بیزار نەکەم ئیتر مەرج نی یە ئەو رۆژە پایز بێت، وەك چۆن لە ژیانی ئیستامدا زۆر شتم رەتکردۆتەوە دوای مردنیشم نامەوێت هیچم بۆ بکەن دەمەوێت تەنها لە غوربەتا زیندوو ببمەوە دەمەوێت خەڵك بزانێت لە ژیاندا چەند قەلەقی چواردەورەکەم بووم لەم شیعرەدا هەستی نامۆیی و رەشبینی و نائومێدی بە شاعیرەوە دیارە کاتێك دەڵێت:

تواخوا گەر مردم... گەڵا کفنم بێ...

دەمیشم پڕ کەن گەڵای وەریو

تابوتو گۆرم چڵی پایزبێ و

تەرمم مەنێنە ناوخاکی تەزیو (لە غوربەتا ، ٥٧)

هەروەها لەم وێنە شیعریەدا کاتێك شاعیر خۆی وەکو کەسێك دەناسێنێ کە دیوی غوربەت سەری ئەبرێت و غوربەت بوونی شاعیر لە وڵاتێکەوە یان لە نێوان ئەو دابەش کردنەوەی زەوی نییە بۆ چەند کیشوەرێك و ووڵاتێك ،بەڵکو غوربەتێکە کە باڵی بەسەر لایەنی رۆحی مرۆڤەکاندا گرتووە واتە مرۆڤەکان بە غەریبی لەم زەویەدا دەژین بۆیە شاعیر پرسیاری رزگاربوونی لەم غوربەتە دەکات کە ئاخۆ چ فریشتەیەك بەهانایەوە دێت لەو کاتەی زریکەی بەر لە مەرگ سەربڕین دەوری ئیسماعیلی داوە ،کەواتە رزگاربوونی ئەو شاعیرە لە قوربانی بوونی هێزێکە لە دەوری زەوی، لێرەدا شاعیر پەنا بۆ ئاسمان دەبات ئەو ئاسمانەش بە درێژایی ئینسانیەت بۆتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین ئەفسانەو توێژینەوەی فکری... دەڵێت:

ئیسماعیلیکم ئیستاکە...نەك چەقۆی ئیبراهیمی باوك..

چەقۆی دەستی دێوی غوربەت سەرم ئەبرێ

چ فریشتەیەك ئەگاتە هانای زریكەی بەر لە مەرگ و سەرئەبڕیم؟

چ فریشتەیەك گیانداری ئەكاتە قۆچی قوربانی ئەم غوربەتە؟ (لە غوربەتا ٧٠)

شاعیر لە لایەكی ترەوە لەم هۆنراوەیەدا دووبارە باس لە رەشی بەختی خۆی دەكات كە چۆن هیچ كەسێك و هیچ شتێك نییە كە ئەو تەنیایەی ئەو پڕ بكاتەوە شاعیر لێرەدا سەگی هەڵبژاردووە و پەنای بۆ بردووە چونكە سەگ بە ئاژەڵێكی بەوەفا ناسراوە .بۆیە ئەمیش بۆ پركرنەوەی ئەو تەنیاییەی باوەشی بەسەگێكدا كردووە بەڵام هێندە بەدبەختە و تەنانەت سەگیش بەو هەموو وەفایەیی خۆیەوە بەجێ هێشتووە: كاتێك دەڵێت :

لەتاو تەنیایی دوێنێ نیوە شەو...

چووم سەگێكی مات بگرمە باوەش

چاوانی ئەت ووت گەڵای پایزە

ئەویش جێی هێشت... تف لە بەختی رەش (لە غوربەتا ، ٣٤)

لە كۆتایشدا دەتوانین بڵێین كە شاعیر محەمەد عومەر عوسمان یەكێكە لەو شاعیرانەی زۆرترین نامۆیی و جۆرەكانی نامۆیی لە شیعرەكانی بە دیدەكرێت و ئەمانەش كە ئاماژەمانپێ كردووە بەشێكن لەو جۆرانەی كە لە دیوانی لە غوربەتای شاعیردا .

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوە گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە .

١–نامۆیی وەك بابەتێکی فراوان و زیندوو بە هۆکاری جیاواز مرۆڤ تووشی دەبێت و لە ڕێگای چەندین فاکتەری ئایینی و کۆمەڵایەتی و رامیاری وئابووری دروست دەبێت و سەرهەڵدەدات

٢–نامۆیی مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤ نامۆیی بوونی هەیە،بەڵام لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەك و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازە .

٣–زۆربەی زۆری هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نامۆیی لە کەسایەتی شاعیر محەمەد عومەر عوسماندا بوونی هەیە و لەهۆنراوەکانی دا رەنگی داوەتەوە .

٤– بەهەمان شێوە زۆربەی جۆرەکانی نامۆیی لە هۆنراوەکانی محەمەد عومەر عوسمان بوونی هەیە و لە هۆنراوەکانیدا رەنگیداوەتەوە و وەك نامۆیی (خودی ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، رۆشنبیری ...هتد)

## سەرچاوە

-کتێب

أ-بە زمانی کوردی

١- ئاری ئاغوك ، بزافی تەغریبی ،چاپخانەی میدیا ،هەولێر، ٢٠٠٣،

٢- بەختیار عەلی- خوێنەری کوشندە- چاپخانەی رەنج- ساڵی ٢٠٠٥.

٣- سابیر بۆکانی، لەنێوان هەستو نەستدا، چاپی یەکەم چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٤- سامان عزالدین سعدوون ، دەقە شیعریەکانی گۆران لە رۆانگەی دەروونناسیەوە ،٢٠١٥.

٥- سەرکەوت سەعدی قادر ، نامۆیی لە رۆمانەکانی (سەڵاح عومەر)دا ،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ،٢٠١١.

٦- غیاب الدین نقشبندی، نامۆیی، چاپی یەکەم، کوردستان، ٢٠٠٤.

٧- فازیل شەورۆ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ،چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر،٢٠١٣.

٨- کەمال مەعروف (د)، ئەدەبیاتی کلاسیکی نوێخوازی کوردی، لەبڵاوکراوەکانی وەزراەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٣.

٩-محەمەد عومەر عوسمان(ژەنەراڵی پاییز ، لە غوربەتا ، ٢٠١٢.

١٠- مارچێلۆ مۆستۆ ، وەرگێرانی : پێشڕەو محەمەد ، گەڕانەوەی دووبارە بۆ چەمکی نامۆیی مارکس ، ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستی -کوردستان ، ٢٠١٨.

ب-بە زمانی عەرەبی

١- ابراهیم مصگفی و أخرون- المعجم الوسیگ، جزو الاول والپانی، المكتبە الاسلامیە، استانبول، ترکیا.

٢- ابن منقور، لسان العرب، جزو (١١)، دار صادر، بیروت- لبنان، ٢٠٠٨.

٣- ریتشارد شاخت ، الاغتراب ، ترجمە : کامل یوسف حسین ، الۆسسە العربیە للدراسات و النشر ، بیروت -لبنان ، الگبعە الاولی ،١٩٨٠.

٤-سلیم برکات الهویە، دار بیروت الکتاب والنشر، ٢٠٠٤.

٥- عبدالقادر موسی محمدی، الاغتراب، مکتبە المعارف، بیروت، ٢٠٠١.

٦-محمد ابراهیم عید،ازمات الشباب النفسیە ،مکتبە الزهراو،القاهرە مصر ، الگبعە الاولی .

٧-نخبە من علماو الاجتماع، معجم علم الاجتماع ، دار الگباعە للشنر، بیروت، ١٩٩١.

-فەرهەنگ

١- شێخ محەمەدی خاڵ،فەرهەنگی خاڵ،چ١،چاپخانەی کامەرانی -سلێمانی ،٢٠٠٠.

٢- گیـوی موکریـانی ، فەرهـەنگی کوردسـتان ،چ١، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس ،١٩٩٩.
٣- هەژار، فەرهەنگی هەمبانەبۆرینە (کوردی-فارسی)چاپخانەی سروش،تهران، ١٣٦٩.

**-نامەی ئەکادیمی**

١-ئارام محمد قادر، نامۆیی لە شیعری کوردیدا،نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان - زانکۆی سلێمانی بەشی زمانی کوردی،٢٠٠٧،
٢-شیرین محەمەد سەعید، نامۆیی لەشیعری شیرکۆ بێکەسدا،نامەی ماستەر، لەبەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١.
٣- کاڤم محمد زاهد،پەیوەندی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە نامۆبوون لای گەنجانی زانکۆ -فەیسبوك بە نموونە ، نامەی ماستەر ،٢٠١٥.

**-گۆڤار و رۆژنامە**

١-ئاشتی حەمە، سەبارەت بە چەمکی نامۆبوون ، گ.کاروان ژ.٧٩.
٢- سەرکەوت پێنجوێنی ، تاسەی غوربەت لە شیعری نوێی تاراوگە ،گ.رامان ، ٢٠٠٠،ژ.٢٤.
٣- سوارە سەباح ، نامۆبوون لە ڕوانگەی مارکسەوە ، گ ، رامان ، ژ، ٢٢٢، ٢٠١٥ .
٤- فەرمان حسن ساڵح ، مرۆڤ و نامۆبوون ، گ،.رامان ،ژ.٢٤، ١٩٩٨.
٥- کەمال فاروق ، فرۆید و نامۆبوونی مرۆڤ ، گ، کاروان ، ژ، ٧.
٦- یوسف عوسمان حەمەد ، ئەنتی کەسایەتی (خەسڵەتی نامۆبوونی تاك)، گ.رامان ، ژ.٧٣ ، ٢٠٠٢

**پێشەکی :**

نامۆیی زیاتر چەمکێکی دەروونیو کۆمەڵایەتییەو فاکتەری ئایینی و ڕامیاریو ئابووریو فەرهەنگی ڕۆڵی لە سەرهەڵدانو دروست بوونیدا هەیە. لە کۆمەڵگای سەرمایەداری هاوچەرخدا ئەم دیاردەیە گەشەی زیاتری بە خۆوە بینیوە.ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمەش بە ناونیشانی (نامۆیی لە هۆنراوەکانی محەمەد عومەر عوسمان دا) لێکۆڵینەوەیەکە بۆ خستنەڕوو و شیکردنەوەی دیاردەی نامۆیی لە هۆنراوەکانی محەمەد عومەر عوسمان دا (ژەنەراڵی پایز)

ـ هۆکاری هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەی نامۆیی وەك چەمکێکی گرنگ لە شیعردا بە تایبەتیش لە هۆنراوەکانی (محەمەد عومەر عوسماندا) ناسراو بە (ژەنەڕاڵی پایز). کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لە بارەیەوە نەکراوە

ـ میتۆدی لێکۆڵینەوەکە :لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکاریمان کردووە.

ـ پڕۆگرامی لێکۆڵینەوەکە:ئەم لێکۆڵنەوەیە لە پێشەکی ویەك بەش و ئەنجام و پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی باس بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە.بەشی یەکەممان دابەشکردووە بە سەر چوار پاردا. لە پاری یەکەمدا باسی چەمك و زاراوەی نامۆییمان کردووە . لە پاری دووەمدا باسی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نامۆییمان کردووە. لە پاری سێیەمدا باسی جۆرەکانی نامۆییمان کردووە . هەروەها لە کۆتا پاردا نامۆیی و جۆرەکانی نامۆییمان لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان) پراکتیزە کردووە

لە کۆتاییشدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە خراوەتەڕوو، هەروەها پەراوێزەکان و لیستی سەرچاوەکان ڕیزکراون،پوختەی لێکۆڵینەوەکەش بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

**الملخص:**

الاغتراب ظاهرة تصيب البشر جميعا ، وتختلف أسبابها. لكن الشاعر وحده هو من يستطيع التعبير عنها والرجوع إليها من خلال أبيات شعرية ، فتغريب الشعراء في كل مرحلة له أهميته ومعناه ، ومن الشعراء الأكراد أكثر استخدام لهذا النوع من الشعر (محمد عمر عثمان) ، لكنه أشار لهذا الشعور أو الظاهرة بشكل جميل وسلس. يتضح من بين أشعاره الشعرية ، والسبب أن الشاعر عاش في غربة.

تهدف هذه الدراسة إلى الكشف عن دور وأهمية الأدب وقدرات ومواهب الشاعر (محمد عمر عثمان).

يتكون محتوى هذا البحث من فصل وأربعة أقسام تتناول الموضوع الأول: مصطلح الاغتراب وتعريفه ومفهومه ، ويتناول القسم الثاني أسباب نشوء الاغتراب. أما المبحث الثالث: فهو يتناول أنواع الاغتراب ، وهذا كله يدخل في الجانب الحديث. أما المبحث الرابع والأخير وهو الجانب التطبيقي فكان التركيز على تفسير وتمييز القصائد التي تظهر فيها ظاهرة الاغتراب ،

وفي الختام تم عرض أهم نتائج البحث. تم ترتيب قائمة المصادر والمراجع وعرض ملخص باللغات الكردية والعربية والإنجليزية.

**الكلمات المفتاحية:** محمد عمر عثمان، الاغتراب، قصيدة، نشوء الاغتراب، أنواع الاغتراب .

## Abstract:

Alienation is a phenomenon that affects all human beings. Its causes vary. But only the poet can express it and refer to it through poetic verses. The strangeness of poets at every stage has its importance and with us. Among the Kurdish poets who use this type of poetry the most (Muhammad Omar Othman), but he referred to this feeling or phenomenon beautifully and smoothly. It is clear among his poetic poems, the reason that the poet lived in alienation. This study aims to reveal the role and importance of literature and the capabilities and talents of the poet (Mohammed Omar Othman). The content of this research consists of a chapter and four sections dealing with the first topic: the term, definition and concept of alienation. The second section deals with the reasons for the emergence of alienation. The third topic: it deals with the types of alienation. This is all part of the conversation. As for the fourth and final topic, which is the applied aspect, the focus was on the interpretation and distinction of poems in which the phenomenon of alienation appears. In the end, the most important results of the research were presented. The list of sources and references is arranged and a summary is presented in Kurdish, Arabic and English.


**Keywords:** Muhammad Omar Othman, alienation, a poem, the emergence of alienation, types of alienation.